حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی – هەولێر

فاکەڵتی یاسا – بەشی یاسا

# مافەکانی پشکدار لە کۆمپانیای پشکداریەتی

**پێشکەش کراوە بە کۆلیژی یاسا کە بەشێکە لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بەشی یاسا**

**لەلایەن قوتابیان:**

سازگار سردار عبدالقاسم

خەندە شاخەوان سلێمان

**بەسەرپەرشتی: أ.م.د. عبدالباسگ کریم مولود**

1445-1444ك

2023-2022

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ إِنِّي أَعْلَنتُ لَهُمْ وَأَسْرَرْتُ لَهُمْ إِسْرَارًا ﴾

صدق الله العظيم

سورة نوح:9

## پێشکەشکردن :

- پێشکەشی دایك و باوك و خێزانەکانمانی دەکەین.
- پێشکەش بە دکتۆری ئازیزمان

(أ.م.د. عبدالباسط كريم مولود) کەوا بەڕێزیان ماندووبو لەگەڵمان.

- پێشکەشی هاوپۆلەکانمان و هاوڕێکانمانی دەکەین.

توێژەران

## سوپاس و پێزانین :

- **سوپاس بۆ دایك و باوكی خۆشەویستمان كە ماندوو بوون لەگەڵمان لەو ماوەیەدا وە سوپاسی پشتگیری و هاوكارییان دەكەین.**
- **سوپاس و خۆشەویستیمان بۆ دكتۆری خۆشەویست** ا.م.د عبدالباسط كريم مولود **كە ماندوو بوو لەگەڵمان.**
- **سوپاسی راگرایەتی كۆلێژەكەمان و هاو پۆلەكانمان دەكەین كە هاوكارمان بوون.**

**توێژەران**

# پوختە

کۆمپانیای پشکداریەتی گەورەترین و نموونەییترین کۆمپانیا داراییەکانە، کە سەرمایەکەی پێك دێت لە پشکی بەها یەکسان و شیاوی دەستاودەستپێکردنە. بۆیە یاسادانەر هەڵساوە بە ڕێك خستن و دیاری کردنی ئەو ئەرك و مافانەی لەسەر پشکدارن.

پشکدار لە کۆمپانیای پشکداریەتی وەك چۆن کۆمەڵێك پابەندبوونی لەسەر شانە بەهەمان شێوە کۆمەڵێك مافی هەیە کە ئەوانیش مافی دارایی و نادارایین، کە گرنگیەکی زۆری هەیە بۆی. ئەو مافانەش خۆیان دەبیننەوە لە وەرگرتنی قازانج و هەڵس و کەوتکردن بە پشکەکانی کەوا لە مافە بنەڕەتیەکانن. هەروەك چۆن چەند مافێکی نادارایی هەیە کە بریتین لە مافی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکان و بەشداری دەرکردنی بڕیارەکانی پەیوەست بە کۆمپانیا.

**کلیلە ووشە:**

کۆمپانیای پشکداریەتی، پشك، پشکدارەکان، مافەکان، پابەندبوونەکان، قازانج

| ز | بابەت | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | پێشەکی | 1 |
| 2 | باسی یەکەم: کۆمپانیای پشکداریەتی | 4 |
| 3 | بەشی یەکەم: پێناسەی کۆمپانیای پشکداریەتی و تایبەتمەندیەکانی | 4 |
| 4 | لقی یەکەم: پشکدار کێیە | 5 |
| 5 | لقی دووەم: پێناسەی کۆمپانیا پشکداریەتی | 7 |
| 6 | لقی سێیەم: تایبەتمەندیەکانی کۆمپانیای پشکداریەتی | 9 |
| 7 | بەشی دووەم: پابەندبوونەکانی پشکدار | 13 |
| 8 | لقی یەکەم: پابەندبوونە داراییەکانی پشکدار | 13 |
| 9 | لقی دووەم: پابەندبوونە کارگێڕیەکانی پشکدار | 15 |
| 10 | باسی دووەم: مافە دارایی و نادارایەکانی پشکدار | 16 |
| 11 | بەشی یەکەم: مافە داراییەکان | 16 |
| 12 | لقی یەکەم: مافی پشکدار بۆ وەرگرتنی قازانج | 17 |
| 13 | لقی دووەم: مافی پشکدار بۆ هەڵس و کەوت پێکردنی پشکەکانی | 18 |
| 14 | بەشی دووەم: مافە نادارایییەکان | 20 |
| 15 | لقی یەکەم: بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی گشتی | 20 |
| 16 | لقی دووەم: مافی دەنگدان | 22 |
| 17 | کۆتایی | 23 |
| 18 | دەرئەنجام | 23 |
| 19 | راسپاردەکان | 24 |
| 20 | سەرچاوەکان | 25 |

# پێشەکی

کۆمپانیای پشکە هاوبەشەکان بە یەکێك لە گرنگترین کۆمپانیا داراییەکان دادەنرێت و گرینگی ئەم کۆمپانیایانە لە ڕوانگەی توانای دارایی خۆیان بۆ ئەنجامدانی پرۆژە ئابوورییە زەبەلاحەکان دیارە، بۆیە ئەم کۆمپانیایانە توانیویانە بچنە ناو هەموو چالاکییە ئابوورییەکانەوە، چ ئەو چالاکییانە پیشەسازی، بازرگانی و خزمەتگوزاری بن، بەهۆی ئەو ئەگەرانەی کە هەیانە هۆکاری ئەمەش توانای کۆمپانیا هاوبەشەکانە بۆ کۆکردنەوەی سەرمایەی گەورە، چونکە ئەو کۆمپانیایانە لەو پشکانە پێکهاتوون کە عادەتەن بەهایەکی کەمیان هەیە لەکاتی دامەزراندنیدا، کە زۆرینەی پاشەکەوتکەرانی بچووك دەتوانن پشکی ئەو کۆمپانیایانە بکڕن و بەشداری لە سەرمایەکەی بکەن ، سەرەڕای ئەوەش، بەرپرسیارێتی خاوەن پشکەکان بۆ پابەندییەکانی کۆمپانیاکە سنوردارە بە بەهای ئەو پشکانەی کە لە سەرمایەی کۆمپانیاکەدا بەشداری تێدا دەکات، بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتیی ئەو درێژ نەبێتەوە بۆ داراییەکانی تری کە لە کۆمپانیاکەدا نەگەڕابێت و ئەم جۆرە داواکاریە وەبەرهێنەکان هاندەدات تا بەشداری لەم کۆمپانیایانە بکەن، چونکە دیاریکردنی بەرپرسیارییەتی خاوەن پشکەکان بۆ پابەندی کۆمپانیاکە کاتێك ئەوەندەی بەهای پشکەکانی بێت دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەستی ئەمنیەتی خۆی لە لەدەستدانی کۆمپانیاکە بە پارەی تر تێپەڕ نەکات.

یاسادانەر لە یاسای کۆمپانیاکانی عێراقی ژمارە ٢١ی ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو سەبارەت بە مافەکانی خاوەن پشکەکان و سروشت و بنچینەکان و چۆنیەتی سوودوەرگرتن لە مافەکانیان و دابەشکردن و هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە پشکداری ڕێکخستووە لە نێو یاساکە، لەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدەین هەموو ئەو خاڵانە ڕوون بکەینەوە لەگەڵ دیاریکردنی کەم و کوڕیە یاساییەکان لە یاسای کۆمپانیای عێراقی هەموارکراو وە پێشکەشکردنی چارەسەرەکان.

## ئامانجی توێژینەوە:

ئەو توێژینەوەیە هەوڵ دەدات تیشك بخاتە سەر مافەکانی پشکدار لە کۆمپانیای پشکداریەتی، بە مافە دارایی و ناداراییەکانەوە. لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەو کەم و کوڕییە یاساییانەی کەوا لە یاسای کۆمپانیای عێراقی ژمارە 21 ساڵی 1997 هەموارکراو هەنە ئەوەندەی تایبەتمەندە بە توێژینەوەکەمان.

## گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەو توێژینەوەیە لە دەرخستنی مافە دارایی و ناداراییەکانی کەسی پشکدارە کەوا دەبێتە هۆی ئەوەی پشکدار بڕیاری دروست بدات لەکاتی دەستبردن بۆ مافەکانی. وە لابردنی ئەو ناڕوونیەیە کەوا لە بابەتی پشکداری هەیە، زۆربەی کات مافەکان ناودەبرێن بە مافە لکاوەکان بە پشك، بێ ئاگا لە گرنگی پشکدار کەوا بناغەیە لە پێکهێنانی کۆمپانیای پشکداری، وە پشك شتێك نیە جگە لە موڵکێکی ئەو پشکدارە ئەگەر ئەویش پابەند نەبوو بە پابەندبوونەکانی ئەوا زیان دەگەیەنێ بە مافەکانی و ڕۆڵی کۆمپانیای پشکداری.

## گرفتی توێژینەوە:

گرفتی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە پەیوەندی ماف و پابەندبوونە داراییەکانی پشکدار بە ناداراییەکان، وە ڕادەی یەکتر تەواوکردنیان.

### پلانی توێژینەوە:

باسی یەکەم: کۆمپانیای پشکداریەتی

بەشی یەکەم: پێناسەی کۆمپانیای پشکداریەتی و تایبەتمەندیەکانی

لقی یەکەم: پشکدار کێیە

لقی دووەم: پێناسەی کۆمپانیا پشکداریەتی

**لقی سێیەم: تایبەتمەندیەکانی کۆمپانیای پشکداریەتی**

**بەشی دووەم: پابەندبوونەکانی پشکدار**

**باسی دووەم: مافە دارایی و ناداراییەکانی پشکدار**

**بەشی یەکەم: مافە داراییەکان**

**لقی یەکەم: مافی پشکدار بۆ وەرگرتنی قازانج**

**لقی دووەم: مافی پشکدار بۆ هەڵس و کەوت پێکردنی پشکەکان**

**بەشی دووەم: مافە ناداراییەکان**

**لقی یەکەم: بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی گشتی**

**لقی دووەم: مافی دەنگدان**

## باسی یەکەم

## کۆمپانیای پشکداریەتی

لەو بەشە هەوڵ دەدەین کۆمپانیای پشکداریەتی بناسێنین و باسی تایبەتمەندیەکانی بکەین بۆیە بە پێویستی دەزانین ئەو بەشە بکەین بە دوو باس، لە باسی یەکەم پێناسەی کۆمپانیای پشکداریەتی دەخەینە ڕوو، وە لە باسی دووەم باسی پابەندبوونەکانی پشکدار دەکەین، بەو شێوەی دادێ:

## بەشی یەکەم

## پێناسەی کۆمپانیای پشکداریەتی و تایبەتمەندیەکانی

لەو هۆکارانەی کەوا پاڵنەر بوونە بۆ بڵاوبوونەوەی دامەزراندنی کۆمپانیای پشکداری دەگەڕێنەوە بۆ ئەو تایبەتمەندیانەی کەوا ئەو جۆرە کۆمپانیایەی پێ جیادەکرێتەوە، بەجۆرێك کە بەهای پشك تێیدا بەردەستە و دەکرێ ئەو کەسانەی داهاتیان کەمە پشك بکڕن، لەو حاڵەتەش هەر یەکەیان دەبنە هاوبەش بەبێ ئەوەی بەرپرس بن لە مەترسیەکانی زیانکردن کەوا تووشی کۆمپانیا دەبێت تەنها بە بڕی ئەو پشکە نەبێت کەوا بەشداری کردووە لە سەرمایەی کۆمپانیا، هەروەها پشکەکان تێیدا بە ئاسانی دەستاودەست دەکەن[1]. بە مەبەستی پێناسەکردنی کۆمپانیای پشکداریەتی و تایبەتمەندیەکانی ئەو باسە دابەش دەکەین بۆ سێ لق، لە لقی یەکەم پێناسەی پشکدار دەکەین وە لە لقی دووەم پێناسەی کۆمپانیای پشکداریەتی دەکەین و لە لقی سێیەم تایبەتمەندیەکانی دەخەینەڕوو:

## لقی یەکەم

(1) – مزوار فتحي، حماية المساهم في شركة المساهمة، رسالة ماجستير، جامعة أبي بكر لقايد تلمسان، الجزائر، 2011، لا 9.

## پشكدار كێیە

لە مادە (12) بڕگەی (یەكەم) لە یاسای كۆمپانیاكانی عێراقی ژمارە (21)ی ساڵی 1997ی هەمواركراودا هاتووە : (بۆ كەسی سروشتی یاخود مەعنەوی هەیە بیانی بێت یاخود عێراقی ببێتە ئەندام لەو كۆمپانیایانەی كەوا لەو یاسایەدا ئاماژەیان پێدراوە وەك دامەزرێنەری یاخود پشكدار یاخود هاوبەش، مادام قەدەغە نەكرابێت لەو جۆرە ئەندامیەتییە بەپێی یاسا لە ئەنجامی بڕیارێك كە لە دادگای تایبەتمەند یان لایەنێكی حكومی دەسەڵاتدار دەرچووبێت)[1].

پێش ئەوەی پێناسەی كۆمپانیای پشكداریەتی بكەین با بزانین پشكدار كێیە، لە ڕووی زمانەوانییەوە پێناسەیەكی دیاریكراو نییە بۆ پشكدار، لە ووشەی پشك وەرگیراوە، كەوا بە زۆر مانا دێت لەوانە لەو بابەتە پشكم هەیە یاخود بەشم هەیە. لە لایەنی یاساییەوە زۆربەی یاسا جیاوازەكان پێناسەی پشكداریان نەكردووە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كەوا هەوڵی فقهی نەدرابێت لەم بوارەوە، هەندێ لە فوقەها پێناسەیان كردووە بەوە كە: پشكدار ئەو كەسەیە كەوا خاوەنی پشكێك یان زیاتر بێت لە پشكەكانی كۆمپانیا. چ دەستی كەوتبوو لە ڕێگەی ئیكتتاب لەسەرەتای پێكهاتنی كۆمپانیا، یاخود خاوەنداریەتیەكەی بۆ گواسترا وەتەوە لەدوای دامەزراندن بە هەر ڕێگایەك لە ڕێگاكانی بەدەستهێنانی خاوەنداریەتی[2].

لە مادە (106) ی یاسای كۆمپانیاكانی عێراقی ژمارە (21) ی ساڵی 1997 ی هەمواركراوی ساڵی 2004دا هاتووە كە: ئەوەی ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی كارگێڕی لە كۆمپانیا پشكداریەتی پێویستە ئەو مەرجانەی تێدا هەبێت:

1- شایستەیی یاسایی هەبێت.

---

(1) – یاسای كۆمپانیاكانی عێراقی ژمارە (21)ی ساڵی 1997 هەمواركراو.

(2) – بن ويراد اسماء، حماية المساهم في شركة المساهمة، أطروحة دكتوراه، جامعة أبي بكر بلقايد، الجزائر، 2017، لا 11.

2- قەدەغەی ئەوە نەکرابێت کەوا کارگێڕی کۆمپانیاکانی پێبسپێردرێت بەپێی یاسا یان بڕیارێك لەلایەنێك کەوا لە ڕووی یاساییەوە تایبەتمەند بێت.

3- خاوەن بڕی دوو هەزار پشك کەمتر نەبێت، ئەگەر نوێنەری کەرتی تایبەت بێت وە ئەگەر پشکەکەی لەو ڕادەیە کەمتری کرد ئەوا لەسەریەتی کەمییەکەی تەواو بکات لەماوەی 30 ڕۆژ لە بەرواری بەدەستهێنانی ئەندامیەتی ئەنجومەنی کارگێڕی ئەگەرنا ئەندامیەتی ئەنجومەن لەدەست دەدات بە کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیەی ئاماژەی بۆکرا[1].

سەبارەت بە ڕێگری بوون بە پشکدار لە کۆمپانیای پشکداریەتی لە مادە (96) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی 1969 هاتووە کە : حوکمدان بە بەندکردنی هەتایی یاخود کاتی بە حوکمی یاسا لە ڕۆژی دەرچوونی تاوەکو ئازادکردنی حوکم لەسەردراو لە بەندیخانە، وەك سزایەکی تەواوکاری بێبەشی دەکات لەوەی 3- ببێتە ئەندام لە ئەنجومەنە کارگێڕییەکان یاخود شارەوانی یاخود یەکێ لە کۆمپانیاکان یاخود بەڕێوەبەرەکەی بێت[2].

بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە لە مادە (5) لە بڕگە (دووەم)ی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت وکەرتی گشتی ژمارە (14)ی ساڵی 1991ی هەموارکراودا هاتووە کە: لە فەرمانبەر قەدەغە دەکرێت کە کاری بازرگانی ئەنجام بدات وە کۆمپانیا دابمەزرێنێت وە ببێتە ئەندام لە ئەنجومەنی کارگێڕیەکەی، جگە لە کڕینی پشك لە کۆمپانیای پشکداریەتی[3].

---

(1) - یاسای کۆمپانیاکانی عێراقی ژمارە (21)ی ساڵی 1997 هەموارکراو.

(2) - سردار عزیز خۆشناو، یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111ی ساڵی 1969، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی سێیەم، هەولێر، 2011، ل 78.

(3) - یاسای ڕێککاری فەرمانبەرانی دەوڵەت وکەرتی گشتی ژمارە (14)ی ساڵی 1991ی هەموارکراو.

لەبەر ڕۆشنایی ئەوانەی سەرەوە، پێناسەی پشکدار دەکەین بەو شێوەیە: (( هەر کەسێك بەپێی یاسا ئەندامیەتی لە کۆمپانیای پشکداریەتی بەدەست بهێنێت لە ڕێگەی ئیکتیتابەوە یان زیادکردنی سەرمایەی کۆمپانیا یان پشکەکەی بۆ بگوازرێتەوە لە ڕێگەی کریٚ یان بەخشین یان میراتگری))[1].

## لقی دووەم

## پێناسەی کۆمپانیای پشکداریەتی

لە مادە (٢) لە یاسای کۆمپانیاکانی میسرِیدا بەو جۆرە پێناسەی کۆمپانیای پکشداریەتی کراوە : (کۆمپانیای پشکداریەتی بریتیە لەو کۆمپانیایەی کەوا سەرمایەکەی دابەش دەبێت بۆ پشکی یەکسان کەوا دەکریٚ تەداولی پێبکرێت بەو شێوەیەی لە یاسادا دیاری کراوە)[2].

لە مادە ٥٩٢ ی یاسای بازرگانی جەزائیری (هەموارکراو)دا هاتووە کە : (کۆمپانیای پشکداریەتی ئەو کۆمپانیایە کەوا سەرمایەکەی دابەش دەبێت بۆ پشك، وە لە هاوبەشانێك پێك دێت کەوا تەنها بە ڕادەی پشکەکانیان بەرگەی زیانەکان دەگرن، وە نابێت ژمارەی هاوبەشەکان کەمتر بێت لە حەوت هاوبەش)[3].

لە دەروازەی سێیەمی مادە (77)ی یاسای بازرگانی لوبنانی بەو شێوەیە پێناسەی کۆمپانیای پشکداریەتی کراوە: (بریتیە لەو کۆمپانیایەی کەوا بەتاڵە لە ناونیشان پێك دێت لەنێوان ژمارەیەك لە کەس بە

---

(1) – بۆ وردەکاری زیاتر سەیری مادەکانی (41 ، 55، 64) لە یاسای کۆمپانیاکای عێراقی ژمارە 21ی ساڵی 1997ی هەموارکراو بکرێت.

(2) – یاسای کۆمپانیاکانی میسری ژمارە (159)ی ساڵی 1981ی هەموارکراو.

(3) – یاسای بازرگانی جەزائیری ساڵی 1975 هەموارکراو.

پشك ئیكتتاب دەكەن كەوا دەگونجێ بۆ بۆ ئالوگۆڕكردن وە بەرپرس نین لە قەرزەكانی كۆمپانیا تەنها بە ڕادەی ئەو سامانەی دایانناوە)[1].

وە لە برِگە (یەكەم) مادە (٦)ی یاسای كۆمپانیاكانی عێراقی هاتووە كە : (كۆمپانیای پشكداریەتی تێكەڵاو و تایبەت، كۆمپانیایەكە كەوا پێك دێت لە ژمارەیەك كەس لە پێنج كەمتر نەبن پشكدارەكان تێیدانە بە پشك وە بەرپرسن لە قەرزەكانی كۆمپانیا بە ڕادەی بەهای پشكەكەیان كەوا ئیكتتابیان پێكردووە)[2].

بەڵام لە فیقهـ پێناسەی كۆمپانیای پشكداریەتی كراوە بەوەی كە : كۆمپانیایەكە لە كۆمپانیاكانی دارایی، كەوا سەرمایەكەی دابەش دەكرێت بۆ پشكی یەكسان وە دەكرێ دەستاودەستی پێ بكرێت، وە هەر پشكدارێك بەرپرسە لە پابەندبوونەكانی كۆمپانیا بە ڕادەی پشكەكەی لە سەرمایە، وە كۆمپانیاكە بەناوی یەكێك لە هاوبەشەكان ناكرێت بەڵكو ناوێكی بازرگانی دەبێت كەوا ئاماژەیە بۆ مەبەست و تایبەتمەندیەكەی)[3].

كۆمپانیای پشكداریەتی بریتیە لەو كۆمپانیایەی كەسایەتی یاسایی هەیە وە بنەچەی كۆمپانیاكە بریتیە لە گرەنتی خاوەن قەرزەكان، وە سەرمایەكەی دابەش دەكرێت بۆ پشك، ئەوە پێناسەی یاسادانەری ئەڵمانیە بۆ كۆمپانیای پشكداریەتی[4].

لەو پێناسانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە كەوا لە پێناسەی بەشی زۆری یاسای وڵاتان بۆ كۆمپانیای پكشداریەتی زیاتر دووپاتی چەند خاڵێك كراوەتەوە ئەوانیش بریتین لەوەی بەرپرسیاریەتی پشكدار

---

(1)– یاسای بازرگانی لوبنانی ژمارە (304) ی ساڵی 1942.

(2) – یاسای كۆمپانیاكانی عێراقی ژمارە (21)ی ساڵی 1997 هەمواركراو.

(3) - فهمي بن عبدالله، النظام القانوني لنشاط شركة المساهمة، رسالة ماجستير، جامعة محمد خيضر، كلية الحقوق والعلوم السياسية، الجزائر، 2015، لا 4.

(4) – ربيع حسين العلي، حرية انتقال الشركات، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، لبنان، 2016، لا 35.

لە کۆمپانیای پشکداریەتی لە سنووری ئەو سەرمایەیە کەوا وەك پشك بەشداری پێکردووە لە کۆمپانیا، و پێکهاتووە لە پشکی یەکسان، وەك لە مادەی (29/یەکەم) لە یاسای کۆمپانیای عێراقی دووپات کراوەتەوە کە پشك بەناو دەکرێت نرخەکەی یەکسانە و بەش بەش ناکرێت.

## لقی سێیەم

## تایبەتمەندیەکانی کۆمپانیای پشکداریەتی

لەڕێگەی پێناسەکردنی کۆمپانیای پشکداریەتی وە ئەو دەقە یاساییانەی لەبارەیەوە هاتوون، دەکرێ گرنگترین تایبەتمەندیەکانی ئەو کۆمپانیایە بخەینە ڕوو، بەو شێوەیە:

**یەکەم: لە کۆمپانیا داراییەکانە کەوا تێیدا پێگەی دارایی و قەبارەی سەرمایە و ناوبانگی دارایی زاڵە بەسەر پێگەی کەسی پشکدارەکان:**

ئەو سیفەتە جەوهەرییەی کەوا ئەو کۆمپانیایەی پێ پێناسە دەکرێت بریتیە لەوەی کە پێگەی سەرەکی تێیدا نادرێت بە کەسی پشکدار بەڵکو دەدرێت بە ڕادەی بەشداربوونی لە سەرمایەی کۆمپانیا، بۆیە مافی ئەندامیەتی لەو کۆمپانیایە دەچەسپێ بۆ دامەزرێنەران و هەموو ئەوانەی بەشداری دەکەن بە پشکیان یاخود بە هەر هەڵس و کەوتێکی تری یاسایی، وە مافی هەر کەسێکە پشك بکڕێت بەبێ بەهەند وەرگرتنی پێگەی کەسی[1]، تەنها ئەگەر ڕێگریەکی یاسایی یاخود بڕیارێك لە دادگا یاخود لایەنێکی حکومی تایبەتمەند دەرچووبێت، بۆیە یاسا ڕادەی زۆرتریني دیاری نەکردووە بۆ ژمارەی بەشداربووان لە کۆمپانیاکە سەبارەت بە

---

(1) - د. حسین توفیق فیض الله، د.دانا حمە باقي عبدالقادر، د. ژالە سعید یحیی الخطاط، شرح قانون الشرکات العراقي وتعدیلاتە، کتێبخانەی یادگار، سلێمانی، 2011، لا 176. بە گەڕانەوە بۆ مادە (12/یەکەم) لە یاسای کۆمپانیاکانی عێراقی ژمارە 21ی ساڵی 1997 هەموارکراو.

یاسای کۆمپانیای عێراقی ژمارە (21)ی ساڵی 1997 هەموارکراو، بەڵکو تەنها بە مەرجی داناوە ژمارەی دامەزرێنەران کەمتر نەبێت لە پێنج کەس[1].

**دووەم: دیاریکردنی بەرپرسیاریەتی پشکدار:**

بنەمای دیاریکردنی بەپرسیاریەتی پشکدار لە تایبەتمەندیە سەرەکیەکانە کەوا کۆمپانیای پشکداریەتی پیێ دەناسرێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی قەبوڵکردنی تاکەکان بۆ کڕینی پشکی کۆمپانیای پشکداریەتی، لەبەر ئەوەی دیاریکردنی بەرپرسیاریەتی وا لە پشکدار دەکات دڵنیا بێت لە پاراستنی سامانەکەی تری لە حاڵەتی زیانپێکەوتنی کۆمپانیاکە، وە دەپیارێزێت لە بەپرسیاریەتی هاوبەشی و بیێ سنوور کەوا لە کۆمپانیا کەسیەکان هەیە، وە ئەگەر قەرزی کۆمپانیا کەوتە سەر موڵکەکانی ئەوا پشکدار زیان ناکات تەنها بە بەهای پشکەکەی نەبێت[2].

ئەم تایبەتمەندیە پشتگیریە بۆ خاوەن سەرمایە کەمەکان کەوا شارەزاییان نیە لە زانستی ئابووری، لەبەر ئەوەی کۆمپانیای پشکداریەتی هەلی وەبەرهێنانیان پێدەدات بەبیێ بوونی مەترسی بە سامانە تایبەتیەکەی تریان[٣].

**سێیەم: کۆمپانیای پشکداریەتی ناونیشانەکەی بەناوی هاوبەشەکان ناکرێت:**

لەبەر ئەوەی کەسایەتی هاوبەش بەهەند وەرناگیرێت لە پێکهێنانی. وە بەرپرسیاریەتی هاوبەشەکان لە کۆمپانیای پشکداریەتی سنووردارە بە بەهای بەشەکانیان. دەکریێ کۆمپانیای پشکداریەتی ناوێکی هەبێت کە وەرگیرابێت لە بابەتی چالاکیەکانی، بە نموونە دەگوترێت کۆمپانیای بەڕێوەبردن و وەبەرهێنانی بەندەری

---

([1]) - د. حسین توفیق فیض الله، د.دانا حمه باقي عبدالقادر، د. ژالە سعید یحیی الخطاط ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٧٦.

(2) – د. فاروق إبراهیم جاسم، الموجز في الشركات التجارية، المكتبة القانونية، بغداد، 2017، لا 111.

(3) – د. حمدون الشيخ، شركة المساهمة حقيقتها والأحكام الشرعية المتعلقة بها، دار الضحى للنشر والإشهار، الجلفة، الجزائر، الطبعة الأولى، 2016، لا 11.

بەیروت، کۆمپانیای دڵنیایی نیشتمانی، کۆمپانیای ئاوی کانزایی لوبنانی. وە دەربڕینی "کۆمپانیای پشکداریەتی لوبنانی" بۆ زیاد دەکرێت یاخود پیتەکانی یەکەمی ئەو دەربڕینە "ك . پ . ل" بۆ بەڵگەی بوونی کۆمپانیای پشکداریەتی[1].

یاخود کۆمپانیای ئاوی کانزایی سلێمانی وە دەربڕینی "کۆمپانیای پشکداریەتی سلێمانی" بۆ زیاد دەکرێت یاخود پیتەکانی یەکەمی ئەو دەربڕینە "ك . پ. س".

**چوارەم: کۆمپانیای پشکداریەتی چەند دەزگایەکی کارگێڕی هەیە:**

کۆمپانیای پشکداریەتی بەوە جیا دەکرێتەوە لە کۆمپانیاکانی تر کەوا چەند دەزگایەکی کارگێڕی هەیە، کەوا بەڕێوەدەبرێت لەلایەن دەستەی گشتی و ئەنجومەنی کارگێڕی و بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراو، لەمە وەکو دەوڵەتێکە، دەستەی گشتی وەکو دەسەڵاتی یاسادانان وایە وە ئەنجومەنی کارگێڕی وەکو دەسەڵاتی جێبەجێکردن وایە، وە چاودێری دارایی وەکو دەسەڵاتی دادگاییە. وە ئەو پلەبەندیە هەرەمیە لە دەسەڵات و بەڕێوەبردن دادەمەزرێت لەسەر بیرۆکەی سیستەمی کۆمپانیای پشکداریەتی[2].

**پێنجەم:**

سەرمایەی کۆمپانیای پشکداریەتی دابەش دەکرێت بۆ سەر بەشی یەکسان لەڕووی بەهاوە، هەر یەك لەو بەشانە پێی دەگوترێت پشك و دەکرێ دەستان و دەستی پێبکرێت[3].

**شەشەم: کەسایەتی واتایی کۆمپانیا:**

(1) – د. مصطفى كمال طه، أساسيات القانون التجاري، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، لبنان، 2006، لا 404.

(2) – د.حسين توفيق فيض الله، د.دانا حمه باقي عبدالقادر، د. ژاڵە سعيد يحيى خياط، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 184.

(3) – د. صادق محمد محمد جبران، مجلس ادارة الشركة المساهمة، منشورات حلبي الحقوقية، بيروت، لبنان، 2016، لا 26.

تەواوبوونی ڕێوشوێنەکانی دامەزراندن بەشێوەیەکی دروست، وا دەکات کۆمپانیاکە کەسایەتیەکی واتایی هەبێت وەکو کۆمپانیاکانی تر، وە کەسایەتی کۆمپانیاکە سەربەخۆیە لە کەسایەتی هاوبەشە پشکدارەکان، وە ئەستۆیەکی دارایی سەربەخۆی تایبەت بە خۆی هەیە، وە ئەهلیەی هەڵس و کەوتکردن و پابەندبوونی هەیە وە ڕەگەزنامە و ناوی بازرگانی خۆی هەیە(1).

## بەشی دووەم

(1) – مادەی (22، 23) لە یاسای کۆمپانیاکانی عێراقی، هەروەها سەیری د. سلمان بوذیاب، الموجز في مبادىء ومواضيع قانون الأعمال، دار العلم للملايين، بيروت، لبنان، 2002، 295.

## پابەندبوونەکانی پشکدار

پشکدار لە کۆمپانیای پشکداریەتی پابەندبوونی دارایی و کارگێڕی لەسەرە بۆیە بەباشی دەزانین بە دوو لقی جیاواز لەو باسە بیانخەینەڕوو:

## لقی یەکەم

## پابەندبوونە داراییەکانی پشکدار

### یەکەم: پێدانی بەهای پشکی نەختینەیی کەوا ئیکتتابی پێکراوە:

لەدوای ئەوەی ئیکتتاب بە تەواوی سەرمایە دەکرێت، پێویست دەکات لەسەر ئەو کەسەی ئیکتتابی کردووە هەڵبستێت بە جێ بەجێکردنی پابەندبوونەکەی، کە ئەویش نووسینی بەهای ئەو نرخەی ئیکتتابی پێکردووە[1].

بەهای پشکی نەختینەیی سەرەڕای جیاوازی لە یاسایەك بۆ یاسایەکی تر، بەڵام زۆربەی کات کەمە، مەبەست لەمەش کردنەوەی بوارە بۆ خاوەن داهاتە سنووردارەکان بۆ وەبەرهێنان کردن لە سامانیان لەو جۆرە کۆمپانیایانە، لەبەر ئەوەی مەبەستی کۆمپانیای پشکداریەتی بریتیە لە بەکارخستنی سامانەکان بە بڕی جیاواز، کەم بێت یاخود زۆر بێت[2]. بۆ ئەم مەبەستە لە مادە (54/یەکەم) لە یاسای کۆمپانیاکانی عێراقی ژمارە (21)

(1) – د. الياس ناصيف، موسوعة الشركات التجارية، الجزء السابع، الطبعة الثانية، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، لبنان، 2008، لا 285.

(٢) – رابع بريزة، حقوق والتزامات المساهم في شركة المساهمة، رسالة ماجستير، جامعة العربي بن مهيدي، الجزائر، 2018، لا 41.

ی ساڵی 1997 هەموارکراو هاتووە: (بۆ کۆمپانیا هەیە کەوا سەرمایەکەی زیاد بکات، ئەگەر هاتوو بە تەواوی درابوو)[1].

**دووەم: پابەندبوون بە بەشداریکردن لە قەرزەکانی کۆمپانیا:**

لە چوارچێوەی ئەنجامدانی چالاکیەکان و بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمپانیا، زۆر جار کۆمپانیا پەنا دەباتە بەر قەرزکردن، بەو جۆرەش پشکدارەکان پابەند دەبن بە دانەوەی بەهای قەرزەکە لە سنووری بەشداریەکانیان، وە ناکرێت ڕێگری بکات لە دانەوەی ئەو قەرزە. وە هەموو پشکدارەکان هەتا ئەگەر دەستیشیان نەبووبێت لە دروستبوونی ئەو قەرزە پابەندن بەو قەرزانەی کەوا ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی کردوویانە، ئەمەش پاڵپشتیەکە بۆ دڵنیایی وە پاراستنی کەسی نیازپاك کە مامەڵەی لەگەڵ کۆمپانیا کردووە[2].

لە مادە (74) بڕگەی دووەم لە یاسای کۆمپانیاکانی عێراقی ژمارە )21(ی ساڵی 1997ی هەموارکراودا هاتووە کە : (یەدەگ بەکاردەهێندرێت بۆ دانەوەی قەرزەکانی کۆمپانیا، بە مەرجێك ئەو بڕەی دەدرێتەوە قەرزی کۆمپانیا تێنەپەڕێت لە 50٪ لە یەدەگ، وە هەر بڕێك لەوە تێپەڕێت ملکەچە بۆ ڕەزامەندی تۆمارکەر (المسجل)[3].

(1) – یاسای کۆمپانیاکانی عێراقی ژمارە 21ی ساڵی 1997ی هەموارکراوی ساڵی 2004.

(2) – بن عبوا عبدالله، بن عثمان محمد، حقوق والتزامات المساهم في شركة المساهمة، رسالة ماجستير، جامعة أحمد دراية

آدرار، كلية الحقوق والعلوم السياسية، الجزائر، 2020، لا 40.

(3) – یاسای کۆمپانیاکانی عێراقی ژمارە (21)ی ساڵی 1997 هەموارکراو.

## لقی دووەم

## پابەندبوونە کارگێڕیەکانی پشکدار

**یەکەم: پابەندبوون بە پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندی کۆمپانیا و نهێنیەکانی:**

پێویستە پشکدار پارێزگاری لە بەرژەوەندیەکانی کۆمپانیا بکات وە گرەنتی بدات بە نەکەوتنە داوی بەشداریکردن لە کێبڕکێی ناڕەوا لەو کۆمپانیا و پرۆژانەی کەوا هاوشێوەی ئەون، وە پاراستنی زانیاری تایبەت بە کۆمپانیا بە نهێنییەکی تەواو، وە پێویستە لەسەر هەر یەکێك لەوانەی نهێنیەکیان دەستکەوتووە وەك سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی وە بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراو وە سەرجەم پشکدارەکان بەهەر شێوەیەك بێت ئەو نهێنیە بپارێزن و نەیدەن بە کەسی تر لە کۆمپانیا کێبڕکێکارەکان، تاوەکو نەبێتە هۆی ئەوەی کۆمپانیا بکەوێتە دۆخێك کۆمپانیاکانی تر لەناوی ببەن[1].

**دووەم: پابەندبوونی پشکدارە کەمەکان بۆ ملکەچبوونیان بۆ بڕیارەکانی دەستەی گشتی:**

کۆمپانیای پشکداریەتی سیستەمی زۆرینە پەیڕەو دەکات لە دەرکردنی بڕیارەکانی، مەبەست لە زۆرینە بریتیە لە زۆرینە لەڕووی پێکهاتنی سەرمایەی کۆمپانیای پشکداریەتی بەو پێیەی کە کۆمپانیای پشکداریەتی بریتیە لە کۆمپانیای سامان وە بەگوێرەی زۆرینەی پشك ئەژمار دەکرێت نەوەك کەسی یاخود بە سەیرکردنی ژمارەی هاوبەشان لە کۆمپانیا[2]. وە بڕیارەکانی دەستەی گشتی سەرجەم پشکدارەکان پابەند

---

(1) – د. بشرى خالد تركي المولى، إلتزامات المساهم في الشركة المساهمة، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان، الأردن، 2010، لا 90.

(2) – سەیری مادەکانی (97/یەکەم) وە (98/ یەکەم) لە یاسای کۆمپانیاکانی عێراقی ژمارە (21)ی ساڵی 1997ی هەموارکراو بکرێت.

دەکات بە سیفەتی ڕەها ئەگەر لە کۆبوونەوەی ئەو دەستانە مەرجە شێوەیی و بابەتیەکان بێنەدی کە پێویستن بۆ دەرکردنی بڕیارەکان.[1]

## باسی دووەم

## مافە دارایی و نادارایییەکانی پشکدار

پشکدار لە کۆمپانیای پشکداریەتی چەند مافێکی هەیە و سوودیان لێدەبینێت، بەشێك لەو مافانە دارایین و بەشێکیشیان نادارایین، بۆیە ئەو بەشە دابەش دەکەین بۆ سەر دوو باسی جیاواز، لە باسی یەکەم مافە دارایییەکان دەخەینە ڕوو، وە لە باسی دووەم باسی مافە نادارایییەکان دەکەین:

## بەشی یەکەم

## مافە دارایییەکان

گرنگترین مافە دارایییەکان لە کۆمپانیای پشکداریەتی بریتین لە مافی پشکدار بۆ وەرگرتنی قازانج و مافی بۆ هەڵس و کەوتکردن بە پشکی، بۆیە ئەو باسە دابەش دەکەین بۆ سەر دوو لق، لە لقی یەکەم باسی مافی پشکدار بۆ وەرگرتنی قازانج دەکەین وە لە لقی دووەم باسی مافی پشکدار بۆ هەڵس و کەوت پێکردنی پشکەکانی دەکەین، بەو شێوەیە:

(1) – د. بشرى خالد تركي المولى، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 112.

## لقی یەکەم

## مافی پشکدار بۆ وەرگرتنی قازانج

کۆمپانیا سیستەمێکی ئابووری بەسوودە، مەبەستی سەرەکی بریتیە لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی قازانج[1].

قازانج بەشێوەیەکی گشتی بریتیە لەو بڕە پارەیەی کەوا دێتە سەر ئەستۆی کۆمپانیا وە دەستکەوتە ئەرێنیەکانە بۆ ئەو کارانەی ئەنجامی دەدات، وە بەدیهاتنی قازانج ژمێریاریە لەرێگەی بەراوردکردن لەنێوان ئەو تێچوانەی کەوا کۆمپانیا خەرجی دەکات و داهاتی گەڕاوە وە لەنێوان ئەو داهاتە گەڕاوانە قازانجی گشتی کۆمپانیا پێك دێت لە ساڵی دارایی.وە وەرگرتنی سیفەتی هاوبەش لەلایەن پشکدار مافێکی ئەگەرییە لە قازانج ئەمەش لەو کاتە دەبێت کە دەستەی گشتی بڕیاری دابەشکردنی قازانجەکانی دا بەو شێوەیە پکشدار دەبێتە قەرزداری کۆمپانیا بە پشکەکەی لە قازانج، لەبەر ئەوەی ئەو قەرزە کاتی نایەت تاوەکو هاتنی کاتی دابەشکردنی قازانجەکان کەوا دەستەی گشتی دیاری دەکات[2].

دەستەی گشتی کۆمپانیا هەڵدەستێ بە گفتوگۆکردنی بودجەکەی و ئەژمارکردنی قازانج و زیانەکان لەکاتی کۆبوونەوەی، وە لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجومەنی کارگێڕیەکەی بڕیاری بڕینی یەدەگەکانی دەدات، لەدوای ئەمەش بڕیار دەدات بە دابەشکردنی قازانجەکان وە لە بڕیارەکە ئەو ڕێژەیە دیاری دەکات کەوا دابەش دەکرێت بۆ هەر پشکێك. وە ئەو قازانجەی شیاوە بۆ دابەشکردن لە قازانجە پاکتاوکراوەکانی ساڵی دارایی

---

(1) – رافع عزالدين، حقوق المساهم فى الشركة المساهمة، رسالة ماجستير، جامعة عبدالحميد بن باديس مستغانم، كلية الحقوق، الجزائر، 2020، لا 16.

(2) – شيبان ليديا، بوشوارب تهاني، الحماية القانونية للمساهم في الشركة المساهمة، رسالة ماجستير، جامعة العربي بن مهيدي، الجزائر، بێ ساڵی بلاوکردنەوە، لا 9.

بەشێوەیەك کەوا زیانەکانی ساڵی داهاتووی لێ کەم بکرێت، ئەو دیاریکردنە لەڕێگەی جەردکردنی سەرجەم ڕەگەزەکانی ئصول و خصومی کۆمپانیایە[1].

وە لێرەدا پێشنیار دەکەین کەی ماددەی ($218$)ی یاسای کۆمپانیای عێراقی هەموار بکرێتەوە، هەمان ئەو سزایەی ئاماژەی پێدراوە لەو ماددەیە ئاراستەی کۆمپانیا بکرێت ئەگەر هاتوو دواکەوت لە دابەشکردنی قازانج بە ئەنقەست.

لە مادە ($73$)ی یاسای کۆمپانیاکانی عێراقیدا هاتووە کە : (قازانجی سافی کۆمپانیا دابەش دەکرێت لەدوای دانەوەی سەرجەم لێبڕینە یاساییەکان بەو شێوەیە: یەکەم: $5\%$ پێنج لە سەدا بەلای کەمی وەك یەدەگی ناچاری هەتا دەگاتە $50\%$ سەرمایەی دراوە، وە دەکرێ بە بڕیارێکی دەستەی گشتی بەردەوام بن لە لێبڕین بۆ حیسابی یەدەگی ناچاری بەجۆرێك لە $100\%$ تێپەڕنەکات لە سەرمایەی دراوە. دووەم: ئەوەی ماوەتەوە لە قازانج یان بەشێکی دابەش دەکرێت بەسەر ئەندامان بە گوێرەی پشکەکانیان[2]

## لقی دووەم

## مافی پشکدار بۆ هەڵس و کەوت پێکردنی پشکەکانی

سەرمایەی کۆمپانیا پشکداریەکان دابەش دەبن بۆ سەر چەند جۆرێك لە پشك، وە پشکەکان بەرامبەر بەشداری یان ئەو بەشەیە کەوا پشکدارەکان پێشکەشی دەکەن بۆ بەشداریکردن [3]. تایبەتمەندی سەرەکی پشك لە کۆمپانیای پشکداریەتی، کەوا جیای دەکاتەوە لە بەش لە کۆمپانیاکانی تر، ئەوەیە کە دەکرێ دەستاودەستی پێبکرێت یاخود خاوەنداریەتیەکەی بە شێوەی بازرگانی ئاسانە، بەبێ ئەوەی پێویستی بە ڕێوشوێنی

---

(1) – رافع عزالدین، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 21.

(2) – یاسای کۆمپانیاکان ژمارە (21)ی ساڵی 1997ی هەموارکراوی ساڵی 2004.

(3) – عبادي نسيمة، عبيدة فريدة، حماية حقوق المساهمين في الشركة المساهمة، رسالة ماجستير، جامعة بجاية، كلية الحقوق، الجزائر، 2018، لا 8.

ئالۆز هەبێت کەوا مەرجە هەبێت لە گواستنەوەی مافی شارستانی، یاخود پرۆسەی دەست هەڵگرتن لە بەش کەوا پێویستی بە قەبوڵکردنی کۆمپانیا هەیە، هەرچەند دەکرێ دەست هەڵبگیرێت لە پشك لەڕێگەی گواستننەوە، بەڵام ئەو ڕێگایە دژە لەگەڵ ئەو نەرمی و خێراییەی کەوا مامەڵەکردن بە پشك پێویستی پێی هەیە. بنەمای ئازادی ئاڵوگۆڕپێکردن بنەمایەکی جەوهەریە لە کۆمپانیا پشکداریەکان، وە لە سیستەمی گشتیە و ناکرێ ڕێککەوتن بکرێت لەسەر هەڵوەشاندنەوەی یاخود پشکدار لێی بێ بەش بکرێت هەرگیز(1).

لە مادە (64) ی یاسای کۆمپانیاکانی عێراقی ژمارە (21)ی ساڵی 1997هەموارکراو هاتووە کە: بۆ پشکدارەکانی کۆمپانیای پشکداریەتی هەیە کە خاوەنداریەتی پشکەکانیان بگوازنەوە بۆ پشکدارێکی تر یاخود بۆ کەسێکی تر لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەمانەی خوارەوە:

یەکەم: ناکرێ دامەزرێنەرانی کۆمپانیای پشکداریەتی خاوەنداریەتی پشکەکانیان بگوازنەوە بۆ کەسێکی تر تەنها لەو حاڵەتانەی خوارەوە نەبێت:

1- تێپەڕبوونی ساڵێك بەلای کەمی بەسەر بەرواری دامەزراندنی کۆمپانیا.

2- دابەشکردنی قازانج کەمتر نەبێت لە 5٪ لە سەرمایەی بنەڕەتی دراو.

سێیەم: ناکرێ پشکدار لە کەرتی تایبەت خاوەنداریەتی پشکەکەی بگوازێتەوە:

1- ئەگەر ڕەهنی لەسەر بوو یان گلدرابۆوە یان ڕاگیرابوو بە بڕیارێکی دادگایی.

2-ئەگەر بڕوانامەکەی ون ببوو وە جێگرەوەکەی نەدا.

3- ئەگەر هاتوو کۆمپانیا قەرزێکی هەبوو لەسەر ئەو پشکەی مەبەستە بگوازرێتەوە.

(1) – قاسي عبدالله هند، الحقوق المرتبطة بالسهم في الشركة المساهمة، اطروحة دكتوراه، جامعة الجزائر، كلية الحقوق، 2018، ل 97.

4- ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی خاوەنداریەتی پشکەکەی بۆ دەگوازرێتەوە قەدەغەکرابوو لە بوون بە خاوەنی پشکی کۆمپانیاکان بەپێی یاسا یان بڕیارێك کەوا لە لایەنێکی تایبەتمەند دەرچوبوو[1].

## بەشی دووەم

## مافە نادارایيەکان

پشکدار لە کۆمپانیای پشکداریەتی هەروەك چۆن چەند مافێکی دارایی هەبوو لەهەمان کات چەند مافێکی نادارایيشی هەیە، لەو باسە بە دوو لق باسی ئەو مافە نادارایيانە دەکەین، بەشێوەیەك کە لە لقی یەکەم باسی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی گشتی دەکەین، وە لە لقی دووەم باسی مافی دەنگدان دەکەین:

## لقی یەکەم

## بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی گشتی

ئەو مافە لە مافە بنەڕەتیەکانی پشکدارە و ناکرێت لێی بێبەش بکرێت ئەگەر جۆری پشکەکەی هەرچی بێت کە هەڵیگرتووە، وە دەکرێ پشکدار نوێنەرێکی دابنێت لە پشکدارەکانی تر. هەندێ لە یاساکان ڕێگەی داوە بەوەی لە پەیڕەوی ڕادەی کەمترینی تێدا هاتبێت بۆ ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی کۆمەڵەی گشتی وەك یاسای فەرەنسی کەوا ڕێگەی داوە بەلاّم پێویستە لە دە پشك زیاتر نەبێت[2].

پێویستە ئەنجومەنی کارگێڕی هەموو مانگێك جارێك کۆببێتەوە بەلایەنی کەم بە بانگێشتێك لەلایەن سەرۆکەکەی یان لەسەر داوای هەریەك لە ئەندامەکانی تر وە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن لە بنکەی کارگێڕی

---

(1) - یاسای کۆمپانیاکان ژمارە (21)ی ساڵی 1997ی هەموارکراوی ساڵی 2004.

(یر) - بن عبوا عبدالله، بن عثمان محمد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 21.

**کۆمپانیا دەبەسترێت یاخود هەر شوێنێکی تر لەناو عێراق کەوا سەرۆك دیاری دەکات ئەگەر نەکرا کۆبوونەوە لە بنکەی کارگێڕیەکەی ئەنجام بدرێت[1].**

**هەروەها پشکدار ئامادەی کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی کۆمپانیا دەبێت کەوا دەستەی گشتی بەلای کەمی ساڵی جارێك کۆدەبێتەوە بەوەی کە ئامادەی ئەو کۆبوونەوانە بێت کە خاوەنی زۆرترین پشکن لە کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی[2].**

**بەپێی ماددەی (88/یەکەم) لە یاسای کۆمپانیای عێراقی بانگهێشتنامە بۆ ئامادەبوونی بەشداربووانی کۆمپانیا لە کۆبوونەوەی دەستەی گشتی لە ڕێگەی ئاگادارکردنەوە بە ڕاگەیاندنێك کە لە تۆماری کۆمپانیاکان دەردەچێت، وە ئەوەش ناگونجێت لەگەڵ بارودۆخی ئێستا بۆیە پێشنیار دەکەین کۆمپانیای پشکداری پێگەی ئەلیکترۆنی هەبێت و ئاگادارکردنەوە بە ئامرازی ئەلیکترۆنی بێت بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی.**

**لەبەر ئەوەی ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی کۆمپانیا گرنگی خۆی هەیە بەهۆی دەرکردنی بڕیاری دروست کەوا لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی کۆمپانیا دەگونجێت و لایەنی دیموکراسی دێنێتەدی، وە هەر پشکدارێك بەشدار دەبێت لە دروستکردنی بڕیار. وە ئەگەر پشکدار کەسێکی واتایی بوو هی دەوڵەت یان هی کۆمپانیایەکی تر ئەوا کەسێکی سروشتی وەك نوێنەر ڕەوانە دەکات بۆ نوێنەرایەتی کردنی لە کۆمەڵەی گشتی وە ئەگەر پشکدار ناکام بوو ئەوا دەکرێ وەلی یان سەرکاری ڕەوانە بکات بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکان[3].**

---

**(1) – مادەکانی (111) و (112) و (113) لە یاسای کۆمپانیاکانی عێراقی ژمارە (21)ی ساڵی 1997 هەموارکراو.**

**(2) – مادە (86) و (92) لە یاسای کۆمپانیاکانی عێراقی.**

**(3) – علي عراك ابراهيم، حقوق المساهم في الشركة المساهمة في القانون العراقي، بحث، جامعة ديالى، كلية القانون والعلوم السياسية، 2018، لا 11.**

## لقی دووەم

## مافی دەنگدان

لە کۆمپانیای پشکداریەتی هەر پشکدارێك ژمارەی دەنگەکانی یەکسانە بە ژمارەی پشکەکانی کەوا خاوەنیەتی، وە دەنگدان بە شێوەی ئاشکرایە تەنها لەو بابەتانە نەبێت کەوا تایبەتە بە هەڵبژاردن و لادانی ئەنجومەنی کارگێڕی یاخود هەر ئەندامێك تێیدا، وە ئەگەر ژمارەیەك لە ئەندامان کەوا لە 10٪ لەو پشکانەیان هەبێت کەوا لە کۆبوونەوەکەدانە ئەوا دەتوانن داوای بەنهێنی کردنی دەنگدان بکەن[1].

مافی دەنگدان یەکێکە لە مافە تاکە کەسییە بنەڕەتیەکان کەوا دراوە بە پشکدار، دەنگدان لەلایەك مافێکی کەسیە کە ڕەنگدانەوەی جێبەجێکردنی پابەندبوونەکانی گرێ بەستی کۆمپانیایە وە لەلایەکی تر مافێکی وەزیفیە کەوا ڕێگە دەدات بە پشکدار بەشداریبکات لە بڕیارە بە کۆمەڵەکان. وە هەستان بە ئەنجامدانی وەزیفەی خۆی بۆ بەرەوپێشبردن و باشترکردنی چالاکی کۆمپانیا. یەکسان بوونی ژمارەی دەنگەکان لەگەڵ ڕادەی ژمارەی پشکەکان کەوا پشکدار خاوەنیەتی، پێی دەگوترێت بنەمای گونجاویەتی. ئەو بنەمایەش جێبەجێکردنی بنەمای یەکسانیە لەنێوان پشکدارەکان [2].

مەبەست لە دەنگدانیش قسەکردنی پشکدارە لە چوارچێوەی کۆمەڵەی گشتی بۆ دەربڕینی بۆچوون و ڕای خۆی لەبارەی پڕۆژەیەکی دیاریکراو لە خشتەی کارەکان جا چ بە ئەرێنی بێت یاخود بە دژی بێت.

(١) – مادەکانی (97) و (98) لە یاسای کۆمپانیاکانی عێراقی ژمارە (21)ی ساڵی 1997 هەموارکراو.

(٢) – د. صحراوي نورالدين، الإطار القانوني لحق التصويت في الجمعيات العامة في شركة المساهمة، دراسة، مجلة المفكر للدراسات القانونية والسياسية، العدد6 ، الجزائر، 2019، لا 64.

لەکاتی دەنگدان پشکدار ئازادی تەواوی هەیە بە پراکتیزەکردنی مافی دەنگدانەکەی، وە بەشداریکردنی لە دەنگدانەکە ئارەزوومەندانەیە بۆی هەیە دەنگ بدات یاخود نەیدات[1].

# کۆتایی

لە کۆتایی توێژینەوەکەمان دوایی ئەوەی کە هیچ نەما بۆ گووتن دەمانەوێ توێژینەوەکەمان بە کۆتابێنین بە خستنە رووی دەرئەنجام و ڕاسپاردەکانمان بەم شێوەیەی خوارەوە:

## دەرئەنجامەکان

1- فەرمانبەر قەدەغەیە کە کاری بازرگانی ئەنجام بدات وە کۆمپانیا دابمەزرێنێت وە ببێتە ئەندام لە ئەنجومەنی کارگێڕیەکەی، جگە لە کڕینی پشك لە کۆمپانیای پشکداریەتی.

2- کۆمپانیای پشکداریەتی کۆمپانیایەکە لە کۆمپانیاکانی دارایی، کەوا سەرمایەکەی دابەش دەکرێت بۆ پشکی یەکسان وە دەکرێ دەستاودەستی پێ بکرێت، وە هەر پشکدارێك بەرپرسە لە پابەندبوونەکانی کۆمپانیا بە ڕادەی پشکەکەی لە سەرمایە، وە کۆمپانیاکە بەناوی یەکێك لە هاوبەشەکان ناکرێت بەڵکو ناوێکی بازرگانی دەبێت کەوا ئاماژەیە بۆ مەبەست و تایبەتمەندیەکەی.

3- لە کۆمپانیای پشکداریەتی پێگەی سەرەکی نادرێت بە کەسی پشکدار بەڵکو دەدرێت بە ڕادەی بەشداربوونی لە سەرمایەی کۆمپانیا.

---

(1) - د. صحراوي نورالدين، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 65.

4- دیاریکردنی بەرپرسیاریەتی لە کۆمپانیای پشکداریەتی وا لە پشکدار دەکات دڵنیا بێت لە گەڕانەوەی سامانەکەی تری لە حاڵەتی زیانپێکەوتنی کۆمپانیاکە، وە دەپیارێزێت لە بەپرسیاریەتی هاوبەشی و بێ سنوور کەوا لە کۆمپانیا کەسیەکان هەیە، وە ئەگەر قەزری کۆمپانیا کەوتە سەر موڵکەکانی ئەوا پشکدار زیان ناکات تەنها بە بەهای پشکەکەی نەبێت.

5- لە کۆمپانیای پشکداریەتی زۆر جار پەنا دەبردرێتە بەر قەرزکردن، لە پارەی کۆکراوە وەك (یەدەگ) قەرزی پێدەدرێتەوە.

## ڕاسپاردەکان

1- دانانی سزایەك لەکاتی دواخستنی پێدانی قازانج لەدوای کۆتایی هاتنی ماوە یاساییەکەی، بۆ ئەوەی زیاتر پارێزگاری بکرێت لە مافی وەرگرتنی قازانج بەوپێیەی کەوا لە گرنگترین مافەکانە کەوا پشکدار لە کۆمپانیای پشکداریەتی هەیەتی. وە ئەوەش دێتەدی بە هەموارکردنی ماددەی (218) لە یاسای کۆمپانیای عێراقی بە زیادکردنی (دواخستنی دابەشکردنی قازانج) بۆ ئەو حاڵەتانەی لە ماددەی سەرەوەدا هاتوون.

2- دانانی ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی هاوچەرخ بۆ ئەوەی بەکاربهێندرێن بۆ ئاگادارکردنەوەی پکشدارەکان وە پێڕاگەیاندنیان لە ڕێگەی نامەی ئەلیکترۆنی، لەگەڵ پابەندکردنی کۆمپانیاکان بە دانانی پێگەی ئەلیکترۆنی بۆ ئەوەی ئەو زانیاریانەی تێدا دابندرێت کەوا بۆ پشکدارەکان گرنگە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێبەکان:

1- د. الياس ناصيف، موسوعة الشركات التجارية، الجزء السابع، الطبعة الثانية، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، لبنان، 2008.

2- د. بشرى خالد تركي المولى، إلتزامات المساهم في الشركة المساهمة، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان، الأردن، 2010.

3- د. حسين توفيق فيض الله، د.دانا حمه باقي عبدالقادر، د. ژاله سعيد يحيى الخطاط، شرح قانون الشركات العراقي وتعديلاته، كتێبخانەی یادگار، سلێمانی، 2011.

4- حمدون الشيخ، شركة المساهمة حقيقتها والأحكام الشرعية المتعلقة بها، دار الضحى للنشر والإشهار، الجلفة، الجزائر، الطبعة الأولى، 2016.

5- ربيع حسين العلي، حرية انتقال الشركات، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، لبنان، 2016.

6- سردار عزيز خۆشناو، یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111ی ساڵی 1969، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی سێیەم، هەولێر، 2011.

7- د.سلمان بوذياب، الموجز في مبادىء ومواضيع قانون الأعمال، دار العلم للملايين، بيروت، لبنان، 2002.

8- د.صادق محمد محمد جبران، مجلس ادارة الشركة المساهمة، منشورات حلبي الحقوقية، بيروت، لبنان، 2016.

9- د. فاروق إبراهيم جاسم، الموجز في الشركات التجارية، المكتبة القانونية، بغداد، 2017.

10- د.مصطفى كمال طه، أساسيات القانون التجاري، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، لبنان، 2006.

**دووەم: نامە ئەکادیمییەکان:**

1- بن عبوا عبدالله، بن عثمان محمد، حقوق والتزامات المساهم في شركة المساهمة، رسالة ماجستير، جامعة أحمد دراية آدرار، كلية الحقوق والعلوم السياسية، الجزائر، 2020.

2- بن ويراد اسماء، حماية المساهم في شركة المساهمة، أطروحة دكتوراه، جامعة أبي بكر بلقايد، الجزائر، 2017.

3- شيبان ليديا، بوشوارب تهاني، الحماية القانونية للمساهم في الشركة المساهمة، رسالة ماجستير، جامعة العربي بن مهيدي، الجزائر، بیّ ساڵی بلاّوکردنەوە.

4- رابع بريزة، حقوق والتزامات المساهم في شركة المساهمة، رسالة ماجستير، جامعة العربي بن مهيدي، الجزائر، 2018.

5- رافع عزالدين، حقوق المساهم فى الشركة المساهمة، رسالة ماجستير، جامعة عبدالحميد بن باديس مستغانم، كلية الحقوق، الجزائر، 2020.

6- د. صحراوي نورالدين، الإطار القانوني لحق التصويت في الجمعيات العامة في شركة المساهمة، دراسة، مجلة المفكر للدراسات القانونية والسياسية، العدد6 ، الجزائر، 2019.

7- عبادي نسيمة، عبيدة فريدة، حماية حقوق المساهمين في الشركة المساهمة، رسالة ماجستير، جامعة بجاية، كلية الحقوق، الجزائر، 2018.

8- علي عراك ابراهيم، حقوق المساهم في الشركة المساهمة في القانون العراقي، بحث، جامعة ديالى، كلية القانون والعلوم السياسية، 2018.

9- قاسي عبدالله هند، الحقوق المرتبطة بالسهم في الشركة المساهمة، اطروحة دكتوراه، جامعة الجزائر، كلية الحقوق، 2018.

10- مزوار فتحي، حماية المساهم في شركة المساهمة، رسالة ماجستير، جامعة أبي بكر لقايد تلمسان، الجزائر، 2011.

11- فهمي بن عبدالله، النظام القانوني لنشاط شركة المساهمة، رسالة ماجستير، جامعة محمد خيضر، كلية الحقوق والعلوم السياسية، الجزائر، 2015.

**سێیەم: یاساکان:**

1. یاسای بازرگانی لوبنانی ژمارە (304) ی ساڵی 1942.
2. یاسای کۆمپانیاکانی میسری ژمارە (159)ی ساڵی 1981ی هەموارکراو.
3. یاسای بازرگانی جەزائیری ساڵی 1975 هەموارکراو.
4. یاسای ڕێککاری فەرمانبەرانی دەوڵەت وکەرتی گشتی ژمارە (14)ی ساڵی 1991ی هەموارکراو.
5. یاسای کۆمپانیاکانی عێراقی ژمارە (21)ی ساڵی 1997 هەموارکراو.